www.kurdistannet.org
21/07/2003 22:04

The Center of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
( C.H.AK )

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
cînosaydî gelî Kurd
مركز حلبجة
لمناهضة انفلة وابادة الشعب الكردي

E-mail: antigenocide@hotmail.com

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد – چاك
Tele-Fax: 0061296100010, 0031152129446, 0035897260062: تەلەفۆن / فاکس

**2 سێپتەمبەر ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەلات**

**قارنە هێمای کوشت و بڕ یادی 24 ساڵەی ئەم تاوانە**

جەماوەری گەلەکەمان

هێزە سیاسییەکان

ڕێکخراوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و جەماەرییەکان

کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەمەنی 24 ساڵەی نەگریسیدا، سەدان تاوانی بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجام داوە. سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمانی کوشت و بڕ کردوە. ناوی ئەو تاوانانەی کە بە نوێژی نیوەڕۆ ئەنجام دران، یاخود ئەو ئیعدامە بە کۆمەلانەی لەسەر شاشەی تەلەفزوێن نیشان دران، یاخود وێنەیان گیرا، کەم نین بۆ هەموان ئاشکرایە. بەڵام تاوانی قارنە لە پاڵ تاوانەکانی قەلاتان و ئیندرقاش و وسوکەند کە بە دوایدا هاتن، قەوارەی لە هەموو گەورەترو بەشێوەی دڕەقانە تر لە هەموو تاوانەکانی دیکە ئەنجام درا، و قوربانیەکانیشی ژن و منال و کەسانی سڤیل بوون. تەنانەت

بۆیە ئێمە بانگەوازتان دەکەین، با هەموو پێکەوە ڕۆژی کارەساتی قارنە، بکەین بە ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە کوردستانی خۆرهەلات. سالانە لەو ڕۆژەدا یادی تەواوی تاوەنەکانی کۆماری ڕەشی ئیسلامی ئێران بەرامبەر گەلی کورد بکەینەوە. تا لەم ڕێگەیەوە تاوانەکانی ئەم دەسەلاتە ڕەشە بە کۆمەڵگەی نێودەولەتی بناسێنین، وا بکەین ئەم تاوانبارانەو سەرجەم تاوانبارانی کە نەتوانن بە ئارەزوی خۆیان گەلەکەمان قەسابی بکەن.

دەبا بۆ یادکردنەوەی ئەم ساڵی 2–9 ڕۆژی جینۆساید کردنی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، یەکگرتوانە تواناکانمان یەکخەین بۆ ناساندنی تاوانەکانی ڕژێم بە بیرو ڕای جیهانی. یاد کردنەوەی لە ئاستی قەوارەی تاوانەکەو قوربانییەکانی گەلەکەمان بێت.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید کردنی کورد –چاك– 21-7-2003**

وێنەیەک بۆ

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سازمانی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران–کۆمەڵە

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان –کنک – بیرۆی خۆرهەلات

تێکۆشەری ناسراو کاک مستەفا شەلماشی

هونەرمەندان و نوسەرانی کورد لە هاندەران

سەرجەم ڕێکخراوو کۆڕو کۆمەڵە کوردییەکان لە هاندەران

هەموو کەس و لایەنێکی دڵسۆز بەرامبەر ویست و داخوازەکانی گەلی کورد.